# بوون و سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نامۆ و زیانبەخش لە باشووری کوردستاندا

بەختیار شەممەی

15/1/2014

هەموو ئەو نیشانە خراپانەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا دەبینرێن، ئاماژە بەو هەڕەشە و مەترسییانە دەدەن کە بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگە بەرەو خراپتر بوون و شێوان و وێران بوون دەڕوات.

– بوونی چەندین دامەزراوەی سەربازی و سیخووڕیی سەر بە دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەناو باشووری کوردستاندا کە کاری سیخووڕی و تێکدان و ئاژاوەگێڕی، بە چەندین شێوە و شێوازی ئاشکرا و نهێنی ئەنجام دەدەن.

– هاوردە کردنی بڕێکی زۆر و بەرچاوی خواردنەوەی کهولی و ماددەی هۆشبەر و زۆربوونی مەیخۆرییەکی بێئەندازە و بڵاوبوونەوەی خێرای بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان و جگەرە و نێرگەلە لەناو لاوان و خوێندکاران و خەڵکانێکی جۆراوجۆری دیکەدا.

– بوونی لەشفرۆشخانەیەکی زۆر و پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا.

– چاوپۆشین لە هاوردەکردن و فرۆشتنی خواردن و خواردنە و دەرمانی هەمەچەشنەی ئێکسپایەر و ماوەبەسەرچوو بەبێ هیچ کۆنترۆڵ کردنێکی یاسایی و تەندروست.

– زۆرتر بوون و بڵاوبوونەوەی دەرد و نەخۆشیی جۆراوجۆر و ترسناک کە لە رابردوودا هیچیان بوونیان نەبووە.

– بێسەروبەری لە بوواری فڕێدانی خۆڵ و خاشاک و بەرماوە و پاشەڕۆکی کارگە و و شوێنە پیشەسازییەکان، بووونی چەندین ملیۆن ئۆتۆمبێل و مۆلیدە و سپلیت و زۆپای نەوت و گاز، بوونی ئەمانە، پیسبوونی ژینگەی کوردستانیان دروست کردووە.

– هاوردە کردنی ژمارەیەکی زۆری ناپێویستی کرێکار و کابان و خزمەتکاری بێگانە، ئەمەش هۆکارێکی خراپە بۆ بێکاری و تەمەڵتر بوونی هاونیشتمانیان بە گشتی.

–هەژاری و ڕەشوڕووتی لەناو جەماوەرێکی زۆری کۆمەڵگەدا بەردەوام ڕوو لە زۆربوونە و بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، کەمایەتییەکی دەستەبژێر لە بازرگانان و سەرمایەدارانی تازەپێگەیشتوو و بەرپرسانی لایەنە ڕامیارییەکان بوونەتە ملیۆنەر و ملیاردێر.

– سەرهەڵدانی دزی و دەستبڕی و ماڵبڕی و دوکانبڕی و بڵاوبوونەوەی دزی و بەرتیلخۆری و فڕوفێڵی جۆراوجۆر لە هەموو فەرمانگە و شوێنە کارگێڕی و بەڕێوەبەرێتییەکاندا.

– خۆکوشتن و خۆسووتاندن و کچ کووشتن و ژن کووشتن و کوشتن بە هەموو شێوەکانییەوە، ڕۆژانە بوون بە دیاردە و کارەسات.

– پەرەسەندنی خێرای ئیسلامیی سیاسی و زۆرتر بوونی ژمارەی ناپێویستی مزگەوت و ناولێنانیان بە ناوی عەرەبی. زۆرتر بوونی ژمارەی شێخ و مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و فەقێ و جادووگەر، ئەمانە لەشکرێکی نانخۆر و شوێنگر و بێکار و بێ بەرهەمن بۆ کۆمەڵگە و پارە و مووچەیەکی مووفت و بەلاش لە بوودجەی میللەت بۆ ئەمانە تەرخانکراوە. بڵاوبوونەوەی خرافیات و پووچپەرستی و بیرکردنەوەی پڕوپووچ و دژ بە زانست و لۆژیک و پێشکەوتن و شارستانێتیی ژیانی سەردەم لەناو زۆربەیەتیی جەماوەردا، بەتایبەتی لەناو لاوان و خەڵکە گوندنشینەکاندا.

– زۆرتر بوونی لەچکبەسەر و جبەلەبەر و باڵاپۆشلەبەر و لاسایی کردنەوەی جلوبەرگی دواکەوتووانەی وڵاتە عەرەبییەکان. زۆرتر بوونی دوکانی فرۆشیاری جلوبەرگی عەرەبی و ئیسلامیی سیاسی لە لەچک و جبە و باڵاپۆش و سەرپۆش و جەندین مۆدێلی ناشیرین و دواکەوتووانە و ناشارستانییانەی ئیسلامیی تورکی و ئێرانی و عەرەبی. ئەمانە هەموویان بۆ دوژمنایەتی کردن و نەهێشتن و لەناوبردنی جلوبەرگی جوان و ڕازاوە و ڕەسەنی کوردەوارییین.

– پەیدابوون و زۆرتر بوونی چاپەمەنی و پەرتووکفرۆشی و سی دی و دی ڤی دیی تایبەت بە ئیسلامیی سیاسی لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا.

– کاڵبوونەوە و ڕوو لە نەمانی هەست و هۆش و گیانی کەسایەتی و خزمایەتی و هاوڕێیەتی لەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا.

– پەرەسەندنی دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی دەسەڵاتی کوردی و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ناو دەسەڵات، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، لەناو لاوان و کەسانی بێکار و بێ پارە و نائومێدبوودا.

– سەرهەڵدانی لاوانی خۆبەخش و خۆکوژ لە کۆمەڵگەدا بە پەروەردە و هاندانی گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و چەندین مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی سەر بەو گروپانە. ئەمەش لە داهاتوودا کارەساتی خۆتەقاندنە و وێرانبوون و کوشتاری بەکۆمەڵی لێدەکەوێتەوە.

– ناردنە دەرەی پارە و سەروەت و سامانێکی زۆری کوردستان لەلایە کۆمپانیا و سەرمایەدار و بازرگانە گەورەکانەوە و سەرهەڵدانی کەمبوون و نەمانی پارە لەناو بانک و بازاڕەکاندا کە کێشە و تەنگەژەیەکی زۆری بازاڕ و ئابووریی بۆ کاسبکاران و جەماوەر و فەرمانبەر و مووچەخۆرەکان دروست کردووە.

بە کورتییەکەی، سەرهەڵدانی ئەم دیارە سەیروسەمەرە و زیانبەخشانە و بەردەوام بوونی ئەم رەوتەی کۆمەڵگە بەم شێوەیەی ئێستا، ئەگەر هیچ ستراتیژ و بەرنامە و پلان و رێگەچارەیەک نەبن، ئەگەر هیچ کاردانەوەیەک و لێپێچینەوەیەکی یاسایی ئەنجام نەدرێن، سەرئەنجامێک زۆر خراپتر و کارەساتاوییان بۆ کۆمەڵگەکەمان لێدەکەوێتەوە.